

# هەڵبژاردەیەك لە شیعرەكانی خالید ئەلمەعالی

**لە عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین**

## گۆرانییەك بۆ سەربازێکی گەڕاوە

گەڕامەوە..
هیچم نەبوو، تەنها سودفەو بەختێکی کلۆڵی
حەزم لە هەموو شتێك بوو
چاوەكانیشم، رەنگی خۆڵ نەبێ
هیچی تریان نەئەناسی.
لێرەوە هەتا ئەوێ
تازێباری نەبێ، هیچم نەبیست.



تەنانەت ئاوازی ڕێگەکەش ڕوون نەبوو!
وەکو ئەوەی هەموو شتێك بمرێت
بەڵام سودفەو بەختێکی کلۆڵ..
گەڕاندمییەوە تا چارەنووسم ڕاکێشم
نازانم بۆ کوێ.
چونکە لە بیرم چووبووەوە.

## گوێگرتن لە چرپەی مناڵی

بۆ چ زەوییەك ڕێ ئەکەم؟
کە درەختەکان بە پێوە ببینم و
گوڵەکان بەرامەیان هەبێت و
یادگاریش وەکو خۆری نیوەڕوان
پرشنگ ببەخشێ؟
لە هەموو رۆژێك و لە هەموو شەوێکا
ئەم دوو پێیە بۆ چ جێگەیەك ئەمبا؟
کۆڵەپشتەکەم لەسەر ڕێگەکە بەجێهێشتووە
هەموو شتێکیش کە ئیمڕۆ گەڕاومەتەوە بۆی
بە بزربوویی لە سوچێکا، جێیان هێشتووم.
پێڵوم سەروژێر ئەکەم و
گوێ لە چرپەی مناڵی ئەگرم.

## ڕێگەیەك بۆ ڕۆیشتن

ئیتر ناگەڕێمەوە، گەر ڕێگەکە تەواوبوو
بۆ رۆژ ئەگەڕێمەوە، بەڵکو ئەڕوا
هزرو هۆشم و منیش لەو کۆتاییەدا
ئەمێنمەوە کە دەستەکان ئاماژە بۆ
هەتاو ئەکەن.
دەروونیشم بە دەوری پیتە سەرلێشێواوەکاندا
ئەسوڕێتەوە
بۆ ڕێگەیەك ئەگەڕێ بۆ ڕۆیشتن.




## خەونی گەڕانەوە

خوازیاربووم کە لەبیری کەم و
بەپیادەیی بگەڕێمەوە
ڕێگەش بە ڕۆژی ڕووناک
بۆ ماڵەوەم بباتەوە.
لەوێندەرێ کە ڕووناکی پرشنگ بەخشەو
سێبەر قورسەو
سەگیش ئەوەڕێ
خوازیاربووم لە بیری بکەم و
خەریکبوو هاوار بکەم و
دەنگم بەرزبکەمەوە
بەڵام یادگارییەکان دووبارەبوونەوەو
وایان لێ کردم بێدەنگ بم و
چاوەکانم بنوقێنم و
بحەپەسێم و
بزربب م و
هەنگاوە قورسەکانم
بەدوای خۆمدا رابکێشم.

## گوڵە هەنار

جاران ژیانی خۆم هەبوو
ئەوەتا من لە ڕۆخی ڕووبارەکە
ماڵێك لە قوڕو بەرد دروست ئەکەم
پەنجەرەکانی..
لێواری کێڵگەکانم نیشان ئەدەن
دەرگەکەش.. بۆ ئەبەد کلۆم دراوە
کاتێ ئەمەم وت:
تا بۆچوونێك پەلکێش بکەم
تا کۆتایی بە کارەکە بهێنم و

ئەو لقە سەوزە بۆ دەستم
بگێڕمەوەو
لە دەمیشما گوڵە هەنارێك هەبێ.



## گەڕانەوە لە ژیان

ئەمە ژیانە ئەنویێ
منیش گەڕامەوە
ناهێڵم رۆژگارەکان بگوزەرێن
لەسەر رێگەکەش
لەوێ لە بەرزاییەکەش
ئەگەرو دەستیشم بڵندکردووەتەوە
دوای ئەوەی چەند جارێك رایان گرتووم
لە منیشەوە -وەهمەکانت- بردو
ئاماژەکەشت ورودوخاش کرد
ئەوان بە ئاوی چاو رۆیشتن
کە خۆڵەمێش لەسەر سێبەرەکەیان
نیشتبوو
بۆ ئەویش گەمارۆی بیرکەوتنەوە بوو
ئێمەی لەو جێگەیەدا بەجێهێشت
بۆشاییەکمان لەم دنیایەدا پڕکردەوە
لەپاڵ دەنگێکی راچەنیوی ناو قورگا

## گەڕانەوە بۆ ماڵەوە

بەم رۆژە..
رێگەی دڵتەنگی ئەگرم و
ژیانم سوری خۆی تەواوکردو
بە هەڵوەراوی گەڕامەوە
یەك -پیتم- لە رابردوو
گرتووەو

شەویشم -لە چاوەڕوانیدا- دانیشتووە
ئا ئەوەتا: یادگاری ئەگەڕێتەوە
قەلەڕەشەکە فڕی و
دوور نیشتەوە
منیش لەوێندەر لە دوای سەرابەوە
ئاماژە ئەکەم و
ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە

## چارەنووسی دەست

هەموو دەستێك چارەنووسی خۆی هەیە
لێرەشدا لەلای ئەم درەختە
لەم رەسەنایەتییەدا
گوێم لە دەنگێکە..
کە هیوام لە دەریاکانەوە بۆ
خل ئەکاتەوە
باسی کاتە خەوتووەکان ئەکات
لە دەلاقەکانی ژیانەوە
لەوساتەی.. هەموو دەستێك
چارەنووسی خۆی هەیە
بە پەتێك پێوەی بەسراوە
لەوێ بەجێهێڵرا

## رووناکییەك لەسەر پەنجەرەکە

کێ رووناکیی رۆژی تێ رژاند؟
پەنجەرەکەشم بە داخراوی بەجێهێشت
دەستەکانم شتێك دەگرن
بە ئاواتی هیوایەك
کە رێگەی لێ بەسرابێ و
بزربووبێ!





خالید نەلمەعالی
ساڵی ١٩٥٦
لە عیراق
لەدایکبووە، لە
ساڵی ١٩٨٠وە
لە نەڵمانیا
دەژی. ساڵی
١٩٨٣ دەزگای
بڵاوکردنەوەی
(الجمل)ی
دامەزراندووەو
دواتر گۆڤاری
فرادیش-ی
لەگەڵ
عەبدولقادر
جەنابی
دەرکردووە،
پاشان گۆڤاری
عیون-ی
دەرکردووە.



## سودفە

ئێستا ڕووەو ڕۆژ ئەڕۆم
دەرگەکان داخراونو سێبەرەکەش کەنارگیرە
تەماشای جیهان ئەکەم
تەماشای چارەنووسێك ئەکەم
هات و گوزەرا
تۆ لە تاریکییا راتگرت
لە دوورەوە دیارەو
ئەگوزەرێ!

## کۆچی دووکەڵ

ئەوەی کە رۆژگار پاڵی نا
رووەو چۆڵەوانی، هەرەسی هێنا
لەو شوێنەی کە یادگاری وەکو
مۆمێکی کوژاوە، راکشاوە
ئەمیش کۆچی کردو دووکەڵی
لە لایەکانی خۆیەوە جێهێشت

## دابەزینە سەر وشکانی

بێزاری لە پاپۆرێکدایە
کە ناخوداکەی یادگارییە
ئەوێك لە کەنارێکی ناخۆشەوە منی گواستەوە
کۆچم بە سودفە بینی
لەسەر پشتی دەستەکانی هەڵوەریبوون
کە بەوان ئاماژەی بۆ شوێنێك دەکرد
کە نەم ئەبینی
زۆرم گلەیی لێ کرد
تا بەیەکەوە ڕووەو وشکانی بەرێ کەوتین



خالید ئەلمەعالی
چەندان بەرهەمی
چاپکردووە، لەوانە:
في رثاء حنجرە
١٩٨٧، صحراء
منتصف الليل
١٩٨٥، عيون
فكرت بنا ١٩٩٠،
دفاتر ١٩٩٢،
يوميات حرب
ونصوص اخرى
١٩٩٣.
چەندان کاری
شاعیرانی
عەرەبی کردووەتە
ئەڵمانی، لەوانە
(بدر شاكرسياب،
ادونيس،
انسى الحاج،
محمد ماغوط،
سعدى يوسف،
سركون بولص،
محمود درويش).
کۆمەڵێك
خەڵاتی ئەدەبیی
لە ئەڵمانیا
وەرگرتووە.

## ژووانی شەونم

ڕووەو شەونم قسە ئەکەم
ئازاری بڕاوە لەسەر ڕێگەکەیە
جێی ئەهێڵم
بەردەوام ئەبم لەسەر ڕۆیشتن
لەپی دەستم نوقاندووە.
وشەکانیش پەڕشوبڵاوبوونەتەوە
گەڕامەوەو لە دوورەوە ئاماژەم بۆ کرد
بانگی یادگارییەکانم کرد
ئەویش لەوێوە گوێی لێم بوو و ئاگاداربوو.

## با-ی جاران

شەو کۆتایی هات لە ئاکامدا
ڕێگەکەش پەلەکانی بڕاونەتەوە
ڕووبارەکەش وشکی کرد، قوڕی بنی
درزی تێکەوت
موستیلەی ئاشقان دەرکەوت
ئەو زەمانەش گوزەرا کە سەر ئاو ئەکەوت و
-با-ش هەڵی ئەکرد



## مردن لە تینوانا

بیرەکە وشکی کردو گۆزەکەش بە بەتاڵی گەڕایەوە
ئێمەش بۆ دوور ڕەومان کرد
نە دڕندەیەکمان بینی
نە باڵندەیەکیش
بەڵام گوێمان لە زەمان بوو کە ئەیناڵاند
کاتێ کاتژمێرەکانی دەگوزەراند
لەوێندەرێ وەستاین
ئەسپەکانمان پشوویان پێداین

## دەق

سەگەکە مردو
نەختێ رانی کردو ئیتر ونبوو
لەوێندەرێ پشوومان دا
ساترێکی بچوکمان لە لم هێشتەوەو
لەژێریشیا چەندان کۆمەڵ لە ئێسقان

## لەبارەی سەرەتاوە

قسەکردن گوزەری کرد
قسە رۆحسووك و رەزاقورسەکان
نەجولاّم و ئاگادارنەبووم
چونکە بێزاریم ناسی و
زانیم کە ئەبێ هەر بگەم
چونکە هیواکەم لە پێش چاو دانابوو
ئەو هیوایەی رووپۆشی وشەکان بوو
بێزاریم لێرەدایەو قسەکانیش
درەختەکانم وشکیان کردووەو باڵندەکانیشی
ئێستا هەموو شتێك ئاشکرا بووە
ئیتر بیرم کەوتەوە کە چۆن دەستم پێکردووە
لەسەر ئەو رێگەیە

## گەیشتن

کاتێ ژیانم گوزەراندو ساڵەکان لە دەست چوون
وەکو باڵندەی ئاسمان
خۆمم بە دیواری یادگاری گرتەوەو
لەوێ زۆر کۆچم کردو
بە وەهمەکانم کۆتاییم پێ هێنا
لەوێ کە بەیەکگەیشتنم بەجێ هێشت و
بە دوو دەستم ئاماژەم بۆ کرد.

**سەرچاوە:** (الهبوط على السياسه) منشورات الجمل ١٩٩٧، الطبعة الاولى- كولونيا- المانيا.